

ئەڵماس مستەفا

## چێژی شیعر لە ئەفراندنەکەیدایە

چێژی شیعر لە وەرگرتنی ئەو پاداشت و ئافەرینانەدا نییە کە خەڵکی دەریدەبڕن بەڵکو هەڵسووران و بەگەڕکەوتنی شیعر بۆ شاعیرەکەیە کە تام و چیژە، چێژی هۆنراوەش لە ئەفراندنەکەیدایە.
خۆزگە شیعر لە پاڵاوتی میعر جیا بکرایەتەوە.. خوێنەریش هەستیارانەتر بۆچوونەکانیان لەسەر خوێندنەوەی نووسین و بابەتەکان هەڵسەنگاندایە دوور لە وشەی بریقەدار و بێ سەروبەریی نووسین واتا وەستایی لە ریزکردنی وشە و رووح کردن بە بەر وشەدا، زۆر نووسین هەیە بە داخەوە کە تەنیا وشەیە و ریزکراوە هێشتا هیچ واتا و هەستێک نەخراوەتە ناو دێری نووسینەکەوە نووسەرەکەش لە لایەن خوێنەرەوە نازناوی شاعیری بەسەردا ئەسەپێنن و ئەیکەن بە شاعیر، خۆزگە نالی و وەفایی و مەحوی زیندوو بوونایەتەوە و خامە و نووسینەکانیان لێبسەندنایەوە و لەگەڵ هەستیاندا بەرەو ماڵەکانی خۆیان بەڕێیان کردنایە.
مرۆڤ گرنگ نییە چی ئەکا و چۆن بیر ئەکاتەوە.. گرنگ ئەوەیە لە را و دەربریندا راستگۆیانە بدوێ و بۆچوونی خۆی لە ئاست مرۆڤایەتییدا رۆشن بکاتەوە چونکە هەر بۆچوونێکی هەڵە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی یەک یەکەی خانەکانی زانست کە ئەوەش دەبێتە دەردێکی کوشندە بۆ نەوەکانی داهاتوو..
نووسینی شیعر واتا بەهرە کە دەبێ شاعیر بە ماندووبوونی خۆی پەروەردەی بکا، تۆلستۆی ئەڵێ هەر کاتی من بەهرەی نووسینم بۆ هاتوە هێندەی کۆمایەکم ماوەتەوە، چیخۆفیش کە دەستی بە نووسین کردوە بە ئۆلگای عاشقی وتوە نازانم ئۆلگا ئەو هەستە چییە بۆم یەت سەراپا جەستەم ئەبێ بە پێنووس و وشەم لێ ئەرژێ، سوقراتیش کاتیک رۆیشتوە بۆ لای شاعیرەکان پێی وابووە کە ئەوان لە سوقرات دانا ترن، بەڵام ئەو کاتە ئەویش زانی کە شاعیرەکان بە هۆی داناییانەوە شیعر نانووسن، بەڵکو بە هۆی چەشنە سرووشێکی بلیمەتانەوەیە.
شیعر ئەو مەلەکوتە مەزنەیە کە لە غەیبەوە ئەسپ سوارێک بە سواری بوراقەوە دێت و سەراپای هەستی مرۆڤەکە ئەپشکنێ.. ئەو خۆی دەستی ئەگرێ و ئەڵێ بنووسە چونکە ئەو کاتە شاعیر هەست بە بوونی خۆی ناکا تا لە گفتوگۆکانی لەگەڵ مەلەکوتی غەیب ئەبیتەوە، ئەرستۆ ئەڵێ رەگەزی بنەرەتیی شیعر بریتییە لە خەیاڵ، زەردەشتیش ئەڵێ لە پشتەوەی بیر و هەستەکان فەرماندەرێکی بەهێز وەستاوە.
کەواتە ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ ئەوەی کە شاعیربوون بەهرەیە بەڵام بەهرەش بە بێ کۆشش و خۆهۆشیارکردنەوە وەدەست نایێ.. چێژی شیعریش هەر لە ئەفراندنەکەیدایە، لەبەرئەوە خوێندنەوەی هەزاران پەرتووک ناتوانێ دێرە شیعرێکت پێ بنووسێ ئەگەر بەهرەی شیعرییت لەخۆتدا پەروەردە نەکردبێ یاخود خۆرسکانە لە ناو گیانتدا نەڕوابێ.